پارادایمەکانی جەنگ لە جەنگی تەقلیدییەوە بۆ جەنگی بایۆ تەکنیکی ... نووسینی: ستیڤان شۆمزینی

رەنگبێ کەنترین کتێب لە بارەی جەنگاوەرانەوەکەی "سۆن- تزۆ"ی دانای چینی بێت بۆ ناوی "هونەری جەنگ". ئەم کتێبە پشکۆشکردنی چەند تیۆریەکە لە بارەی کردەی جەنگ، هەڵبەت بەپێی ئەو کۆنکستەی کتێبەکەی تێدا نوسراوە کە بۆ بیست و پێنج سەدە بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. کاکڵەی تیۆریەکانی سۆن-تزۆ لەوەدا خۆی دەنوێنێت پێویستە جەنگ لە پێناوی ئامانجێکی ڕەوادا بێت، تەنانەت بیریشی لەوە کردۆتەوە لەو کاتەی جەنگ سەرتاپای کەمەگۆ یان جیهان دەتەنێتەوە دەبێت ڕێچاوی بۆها مرۆییەکان بکرێت، نابێت بۆ هیچ پاساوێک ئەو بۆهایانە ژێرپێ بخرێن!. پرسیارەکە ئەوەیە داخۆ ئامانجە ڕەواکانی جەنگ چین؟. ئەگەر تاوانبار نەکرێین بۆ ناواقیعبینی، دەمەوێت بڵێم جەنگکان هیچ بۆهانە و ئامانجێکی ڕەوایان نییە!. ئەگەر لەو کتێبە دوورترێش بڕۆین، ئەوەی ئارکەلۆژیستەکان لەسەر گاشە بەرد و چەرم دەیدۆزنەوە وەک پاشماوەی شارستانییە دێرینەکان، بەشی شەریان باسی جەنگی نەوان مەملەکەتەکان و پادشاکان دەکەن، تەنانەت ڕووداوی هێندە هەڤانەی تێدایە، لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست بە جۆرێک لە تەقین دەکەین.

جێدڵی ئەوەی مرۆڤ لە ریشەوە بوونەوەرێکی شەڕخواز یان نا؟ هەم بابەتێکی فەلسەفی و دێروونشیکارییە هەم بەم دواییانە بۆتە جێگەی سەرنجی زانستە نوشداریەکان. هەشتاش مشتومڕ لەو بارەوە بە پایان نەگەیشتووە، بەڵام ئەمە لەڕادا دەبێت جیاوازیی نیشان بدەین لەنێوان دەستەواژەی "شەڕ" و چەمکی "جەنگ"!، بە واتای ئەوەی شەڕ کردەیەکە لەنێوان تاکەکاندا، بەڵام جەنگ بازنەیەکی فراوانترە و لەنێوان وڵاتان و شارستانی و بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکاندا دەقەومێت. بەدیوێکی تردا مافمان هەیە بڵێین جەنگ لە دایکبووی ساتەوەختێکە مرۆڤ بەسەر گروپی نەتەوەیی و ئابووری و ڕەگەزیی جودا جودا دابەش بوو. لەم نێوەندشدا دووبارە پرسیاری ئەوەی مرۆڤ بە سروشتی خۆی شەڕخواز یان ئاشتیدەست؟ تا ئەمڕۆ بەرسڤێکی کۆنکرێتی پێنەدراوەتەوە. ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کاتی خۆی زانایەکی

مەزنی وەک "ئەنشتاین" لە "فرەید"ی دەکات. لە وەڵامەکەی "فرەید"دا ڕوونە: جەنگەکان بەشکەن لە غەریزەی مەرگدۆستی و دەروونی شێتانەگەزی خودی مرۆڤ، هەروەک ئەو ویستەش بە پەویستییەک دەزانێت بە بەردەوامبوونی ژیان!!. ئەمە بەرسڤێک بوو "ئەنیشتاین" چاوەڕوانی نەبوو.

ئەگەرچی بەرسڤەکەی "فرەید" دەتوانێت تا ئەندازەیەک رازیمان بکات، بەڵام پرسیارەکی خودی خۆم دەخەمە ڕوو: ئایا ناتوانین ئەو نەزعە شێتانەگەزی مرۆڤ بگۆڕین بە وزەیەکی پۆزەتیف؟. وەڵامەکەیم لا نییە، چوونکە ئەم پرسیارە هەشتا بە دوای وەڵامێکی قایلکەردا دەگەڕێت. لەگەڵ ئەمشدا لەبەرچاو نەگرتنی فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکانی جەنگ تێکخکردنی وێنایەکە پەویستە هەموو بە شێوەیەکی هەڵە لە پشتی ئەو پاساوە دڕوونیانەوە بە شاردنەوەی چەند ڕاستییەک لە بارەی فاکتەرەکانی بەرپابوونی جەنگ. ئەمە ئەو قسەیە ئیلهامجیستەکانی جەنگ پێیان خۆش نییە، چوونکە جەنگ درێژەپێدانە بە سیاسەت بە فۆرمێکی توندتیژ و مەرگبار. خولاسە مەبەستمە بڵێم: هەکاری هەگیرسانی جەنگەکان بەدەر لەو نەزعە شەیتانییەی بەشەکە لە سایکەلۆژیای خودی مرۆڤ، کەچی لەملاوە فاکتەرە ئابووری و سیاسییەکان ڕۆڵێکی ئەجگار گرنگ دەگێڕن لە ڕاستای قەومانی جەنگەکان بە بەرینی مێژوو.
نکۆڵی لەوەش ناکەین جەنگەکان هەمیشە دیوێکی تری سیاسەتن، سیاسەتن بە فۆرمی کاولکاریی و دڕندەیی، هاوزەمان مامانی گەشەکاریی ڕیشەیشن. هەروەک لە دەر زەمانەوە تاوەکوو هەنووکە تێبینی کراوە، زەرینەی گەشەکارییە سیاسیی و جوگرافییەکان بگرە تێکەڵاوبوونی شارستانێتییەکان بە هۆی جەنگەکانەوە ڕوویانداوە. بە وێنە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم نەخشەی سیاسیی و جوگرافی تەنانەت کولتووری جیهان بەشێوەیەک گەڕا، نەستراداماس زیندوو بووبایەتەوە نەیدەتوانی بیناسێتەوە. لە پاش جەنگی دووەمی جیهانیش نەخشەی دنیا بە تایبەت کیشوەری ئەوروپا سەرلەبەر گەڕا، لە نوێدەکانی سەدەی رابردووش جەنگ لە ناوچەی باڵکان بە دیاریکراویی لە یوگسلاڤیای پێشوو بووە هۆوێنی گەشەکاریی گەورە، بەو ئەندازەی جوگرافیای ناوچەکەی بە جۆرێکی تر دیزاین کردەوە، ئەمیش بە لە دایکبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ لەسەر پاشماوەی یوگسلاڤیا، ئەمەش کردەیەک بوو لە توانای پێشبینی نەک سیاسەتمەدار بگرە هیچ جادووگەرێکیشدا نەبوو، تەنانەت جۆرج ئەروێل لە ڕەمانی "باخچەی ئاژەڵان"دا توانی پێشگەیی ڕووخانی شورەوی بکات، بەڵام بە هیچ کلۆجێک نەیتوانی مەزندەی ئەو گەشانە بکات لە باڵکاندا هاتئارا.

بەگژ نەویستە لە بەربەیانی مژووەوە، جەنگ بەشک بووە لە سروشت و ژیانی مرۆف، ئەگەر دیقەت بدەین لەگەڵ گەشەی شارستانیتیدا رووخسارەکانی جەنگیش گۆڕاون. بە پێچەوانەی دیتنی "مارکس"ەوە زانست و پێشکەوتن نەک نەبووە هۆی خۆشبوودی بەکو لە هەموو لایەکەوە بۆتە هۆی گەورەتری هەنا و قوڕکەی خەست و خڕتر کردووە. ئەگەر بمانەوێت لە روانگەی "ئالڤین تۆفلەر"ەوە سەیری پرسەی پێشڤەچوونی شارستانی مرۆڤایەتی بکەین. جەنگ و ئامرازە جەنگیەکان شانبەشان لەگەڵیدا لە بەرەوپێش چووندا بوون. تۆفلەر سێ قۆناغ دەستنیشان دەکات لە پێشکەوتنی ژیاردا، ئەوانیش قۆناغی "کشتوکاڵی، پیشەسازیی، تەکنەلۆژیی"ن. ئەم دروست پێچەوانەی دابەشکاریەکەی "کارل مارکس"ە کە پێنج قۆناغ دەستنیشان دەکات. ئەم سەردەمە تۆفلەریانەش تەنیا یەک شۆڕ و رووخساریان نیە، ئەگەر لە رووی ئابووریەوە هەردوو سیستمی فیودالیزم و سەرمایەداریی بن، ئەوا لە رووی جەنگ و ئامرازە سەربازیەکانیەوە شۆڕشی جیاوازتریان وەرگرتووە.

قۆناغی کشتوکاڵی، لە رووی ئابووریەوە خاوەندارێتی زەویە لایەن مرۆڤەوە، سەردەمی کێڵداریی و فیودالیشی لە خۆیدا جەم کردۆتەوە، لەم پڕۆسەیەدا جەنگاوەران پەویستیان بە پاڵەوانە، بەو پێیەی ئامرازە جەنگیەکان پەویستیان بەهێزی عەزەڵی زەر هەبووە، بەڵام لە قۆناغی پیشەسازییدا پارادیمی جەنگ دەگۆڕێ و بەکی کەمتر لە هێزی بازوو دەخوازێت، لە سەنگەری ئەمەی ئامرازەکان لە تیروکەوان و شمشێر و مەنجەنیقەوە دەگۆڕێن بە تفەنگی سادە و تۆپی دوورهاوێژ، ئەمەش سەردەمی قارەمان و سوارچاکەکانی بەکۆتا گەیاند، هەر لەم نەوەندەدا "دەنکیشت" سەربردەی ئەو گوزارانەوەیە لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە بە پیشەسازیی، کارەکتەری دەنکیشت بەیەکا بوو بە قەشمە، چوونکە هەشتا لەناو ئەو ئەندێشە کۆنەدا دەژیا، قۆناغەکە ماڵئاوایی لە کردبوو. لە قۆناغی سەهەمدا "باڵادەستی تەکنەلۆژیا" ئامرە جەنگیەکان بە رادەیەک پێشکەوتنیان بە خەیاڵەوە بینی، هیچ پەویستیەک بە هێزی میکانیکی ئینسان نەما، لە جێگەی تفەنگە تۆقلیدیەکان و تۆپە دوورهاوێژەکان، فڕۆکەی شەبەح و ئاپاچی و چەکی پێشکەوتووتر رەخیان پەیدا کرد. لەم روانگەوەیە زەر جار دەوترێت جەنگی کەنداو "گەردەلوڵی بیابان" تەنیا رووبەووبوونەوەی رژێمی عێراق و هاوپەیمانان نەبوو، بەکو جۆرەکیش بوو لە بەرەو رووبوونەوەی هەردوو شێوازەکە، بەوەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نوێنەرایەتی شێوازی سەهەم بوون، دەوڵەتی عێراقیش میراتگری شێوازی دووەم و پیشەسازیی چەک و چۆ. هەنووکە مرۆڤایەتی لە سەردەمی

شەپۆلی چوارەمدایە، جەنگ جگە لە سیما تەقلیدییەکەی، فەرمی جەنگی زانیاریی و بایەتەکنیکی وەرگرتووە.

وەلە بە رواڵەت وەها دەردەکەوێت ژمارەی جەنگاوەرانی جەنگاوەرانی کەمیان کردبێت، کەچی راستییەکە لە پشت چاومان شاردراوەتەوە، جەنگاوەرانی لە جاران زۆرتر و قورسەتر لە ئارادان. لەوانەیە جەنگە تەقلیدییەکان ژمارەیان وەک رابردوو هەندە بەرچاو نەبێت و بەهۆی پشکۆتنی زانستی پزیشکی و خەرایی چارەسەر و گواستنەوە ژمارەی قوربانییەکان کەمتر بووبنەوە، هەشتاش ئەمە مانای کەمبوونەوەی جەنگ ناگەیەنێت، هەرچەند سەمپۆی جەنگی دە بە پانزە ساڵی رابردووی عێراق و سوریا ئاگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوایە بە جەنگێکی جیهانی نووزەد دەکرا، لە رادەی ئەم دنیایەمان کەم دەکاتەوە. بەڵام لە نموونەی ئەپراسیۆنی کوشتنی "قاسم سولەیمانی"دا، راستەوخۆ هارد پاوەری شەپۆلی چوارەم خۆی نمایش دەکات کە بە فۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان گەورەترین ئامانج پێکرا، ئەمە ئاگەر سی ساڵێک لەمەوپێش بوایە پێویستی بە شەی دەستوپێخۆی سوپایی دەبوو، تا ئەو پاشکشەیە بە ئێران بکەن، چونکە کوشتنی قاسم سولەیمانی لەناوبردنێکی سیمبولیکییە و واتای سەرەتای بینەوەی دەستی ئێران دەگەیەنێت لە دەرەوەی وڵاتی خۆیدا.
جەنگ لەم شەپۆلە تازەیەدا وەک حەربا وایە و توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە لە شێوە گەیەندا، جەنگاوەرانی ڕۆژانە رووبەڕوون، لە تفەنگاوەرانی کەمتر لە جاران دەنگیان دێت، کەچی ڕۆژانە دیان جەنگی ئابووری و دەروونی و بایۆلۆژیی بە بەردەنگی رووبەڕوون، بە جۆرێکیش فریودراوین تەرمەکان دژەمرین وەک رووداوێکی ئاسایی نێک قوربانیانی جەنگ.
سامناکترین جەنگ لە سایەی شەپۆلی چوارەمدا بەڕێوە دەچێت، ئەویش جەنگی بایۆلۆژییە. ئاگەرچی مێژووی جەنگی بایۆلۆژیی زۆر کۆنە، شێوە هەرە تەقلیدیی و ساکارەکەی خۆی لەوەدا دەبینییەوە سوپا شکۆدارەکان تەرمی کوژراوی یەکتریان دەخستە ناو سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە، تاکو خنکان و نەخۆشی لە لەشکری بەرامبەردا دروست بێت. یان ئەورووپاییەکان لە ڕێگەی سیل و تاعون و کۆلەراوە هەشتا دەر سەدی ئەمەریکاییە ڕەسەنەکان "هیندە سوورەکان"یان قڕکرد و لەو ڕێگەیەوە دەستیان بەسەر ئەو قاڕەدا گرت، هەنووکەش نوێباوترین جەنگی بایۆلۆژیی لە ئارادایە، ئەمیش لە ڕەی هەرش و پڕلاماری قایرەسیەوە.

ئەمە جیهان لە تراومایەکی گەورەدایە بەهۆی قایرەسی "کۆڤید

نەزدە" ناسراو بە "کۆرنا"وە.، کە بە بۆای من جەنگکی بایەلۆژیە لە دژی بۆرژۆوندیی هەندێک دەوڵەت. رووسەکان کۆرنا بە چەکێکی بایەلۆژیی ئەمریکایی لە قەڵەم دەدەن، ئۆوش لەسەر زاری سکرتێری حزبی لیبرال دیموکراتی راستڕەوی رووسی لە ئینتەرڤیۆیەکی رادیۆیدا جەختی لەسەر کرایۆوە بۆوی گوایە ئەم ڤایرەسە دەستکردی ئەمریکایە، ئەمەش کاردانەوەی زۆری لەکۆتۆوە و سەنتێری دیراساتی راندی ئەمریکی ئەم هەوڵە چەپی رووسەکان لە ڕێی ماسمەدیاوە بە لوڵی تەپڵک پێناسە دەکات، تەپی خۆیاڵی و چۆاشکارانە دەنێت بە شکڵی ئەمریکاوە. بە وردبوونەوە لە جۆری ڤایرەسەکە و جوگرافیای بۆاوبوونەوەی، گوومانەکان زیاتر دەبن بۆوی ڕێی تێناچێت ئەم ڤایرەسە لە ڕێی شەمشەمەکوێرەوە بۆاوبووبێتوە.

هەرچەند زانست سەلماندوویەتی شەمشەمەکوێرە تاکە شیردەرە بتوانێت بفڕێت و زەرتڕین ڤایرەس لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت و بگوازێتەوە، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئۆویە هەزاران ساڵە چینییەکان مار و دووپشک و زەڕ مەروو و گیانداری تر وەک خواردن بەکاردەهێنن، بۆچی تازە ئەم ڤایرەسە پەیدا بووە؟. ئایا هەزاران ساڵە شەمشەمەکوێرە هەمان دی ئێن ئای ئێستای نەبووە؟. هەرچەند ئۆوش فەرامۆش ناکەین بە دووریی بیست و حەوت کیلۆمەتر لە شاری "وۆهان" کە مەڵبەندی تۆشنەکردنی کۆرنایە، لە ساڵی 2017وە "پەیمانگای وۆهان بە لکێنەوەی ڤایرەسەکان" دامەزراوە، وەکو پێشتر لە ڕەمانی "چاوی تاریکییەکان"ی "دین کۆنتز" لە ساڵی 1981دا، بۆاوبوونەوەی کۆرنا لەو شارەوە پێشبینی کرابوو.

هەر لەم دەرفەتەدا دەموێت هەما بە ئۆوە بکەم، تاکو تەکنەلۆژیا پێشکەوێت جەنگ زیاتر توانای دەنادەنی دەبێت، لەم ڕاستایەدا جەنگی بایەلۆژیی هەڕەشەیەکە لەسەر ئایندەی مرۆڤایەتی، ڕەنگە دەقەترین و بە بارووتترین جەنگیش بێت، وەلێ هەتاکو کەمپانیاکانی بواری چەک دروستکردن مابن، جەنگی تەقلیدیش هەر بڕوای دەمێنێت بە تایبەت لەم ناوچەیەی ئەمەی لە دەژین. کەمپانیاکانی چەک هەر خۆیان ئایدەلۆژیای تۆندئاژۆ و حزبی پەگیر و دەوڵەتی دیسپۆتیستی و فەرمانڕەوای دیکتاتۆر دەهێنن سەر شانۆ، هەر خۆیشیان دژکانیان دروست دەکەن و بازاڕی چەک فرۆشتنیان گەرم و پڕ هەمەنتر دەکەن. ئەمە ئۆو داستانێ چەند سەدیەکە ئەمەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی زەمین پاڵەوانە کاریکاتێریەکین.

نووسینی: ستیڤان شەمزینی

2020-3-2
ستۆکهۆڵم – سوێدا

ناساندنی کتێب: بژاردەی دووەم … هێڵە بەرزنجیی

بژاردەی دووەم

بەرهەمی نووسینی شێرین ساندبێرگ و ئادەم گرانت…… لە ئینگلیزییەوە : محمەد حەمە ساڵح تەفیق
لە باڵوکراوەکانی هیوا فاوندەیشن …… چاپی یەکەم:٢٠١٩ …… ٢٥٩ لاپەڕە
" ئەم کتێبە لەبارەی توانا و گیانی مرۆڤانەوە دەدوێت بە کەشکردن.

ئەمە بەدوای ئەو هەنگاوانەدا دێگەین کە خەڵک دەتوانن بینین،چ بە یارمەتیدانی خۆیان، یان بە خەڵکانی تر. هەروەها کێ و پشکنین لە سایکۆلۆجیای ئاسایبوونەوە و تەحەداکانی بەدەستهێنانەوەی متمانە و دووبارە گەڕانەوەی خۆشی و ئاسوودەیی دەکەین… هەروەها مشتومە لەسەر ئەو بوارانە دەکەین کە دەبنە هۆی دروستکردنی کەمێگە،کەمپانیای خۆگونجێن و منداڵانی بەهێز پەروەردە دەکەن و دووبارە خۆشویستی دەچێنەوە".ل٢٤
کاروانی ژیانی مرۆڤ هەمیشە بە ڕاستە شەقامێکی تەخت و بێ کۆسپدا ناڕوات. بەشێکی زۆری ڕێگاکەی پێکهاتووە لە هەوراز و نشێو و لەڤ و پێچاوپێچ. بەواتایەکی دیکە دنیا، بە حەز و خواست و پڕگرامی پێشوەختی نەخشە بۆکێشراو ناچێت بەڕێوە. گرفت و ناخۆشی و تەنگانە و پێشهاتی جۆراوجۆر دیاردەی دانەبڕاوی چارەنووسی ژیانی هەر تاکێکە. زۆر گرفت هەن، چارەسەریان بە هەر جۆرە ئامازێک بێت بە سانایی دەکرێت. مرۆڤیش بەیە سەروەر و باڵادەستی ئەم گەردوونەیە، چونکە توانای هۆش و بیرکردنەوە و زاڵبوونی هەیە، بەسەر

دەروووبەروو و چارەسەری کێشەکان دا.
ئەم یاسا بەگژدانەویستە، لەوە بەدەر نییە،کە کێشە دەروونییەکان و ئەوانەی وەک شێلگیرکی قورس و گران لەسەر دڵ و هەناو هەڵدەکەن و قرچەی لێ هەڵدەستێنن، جەستە هەڵا هەڵا دەکەن و تونا و وزە دەگووشتن و بێرکردنەوە بەرەو وشک بوون و دەبڕان و هیوا و ئاسەی ژیان تێخ و تێش دەکەن، زامکی دەروونی قووڵی بۆئازارن، مەرەق کەڵ و بەستەزمان دەکەن. ئەم بوونەوەرە بە ئەوەی بەرەو ووڕیان بێتەوە، پەویستی بە خۆڕاگریی و بەربەرەکانێیکی زۆر هەیە. هەندەک جارانیش بە تەنها لە عەدەم نایەت و بە ئەوەی لەژێر باری سەختی دەرد و ئازارەکان دا ڕاست بێتەوە،ناچاری کەمەک و هاوکاریی ئەوانی دیکە دەبێت.
دەروازەی باسەکە بە ناسینی کچ و کوڕێک دەست پێدەکات و دوایی هاوسەرگیریی دەکەن و دەبنە خاوەنی دوو منداڵ. پاش ١١ ساڵ پێکەوە ژیان لەناکاو ژنەکە دەکەوێ بەسەر کەستی مەردەکەیدا. ئیدی ژنە دەچێتە دەخێکی ئاڵۆز و دژوارەوە و سەری دنیای لە دێتەوە یەک. بە ناچاری و هەناسەساردی و خەمباری شان دەداتە بەر لەرفەی شێلگیر بە ڕوحمەکانی ئەژگار. خەمی خەی لەبیر دەچێتەوە و خەمی منداڵەکانی دەبێتە سەرباری خەمەکان و هەروەک خەی دەڵێ بەدیوێکدا: " پەی زەحمەتە هەواڵی مردنی باوکیان بداتە منداڵەکانی" و بەدیوەگورەکەشدا، لە پەڕشی ئەوەدا گێنگە دەخوا،کە "جارێکی تر منداڵەکانی نەگەڕێنەوە دەخی ئاسایی ژیان". بەڵام ژنە (شەریە) لە مەودایێکی کورتدا،دوای ئەوەی چیرێک و بەسەرهاتی دێیان ژنی تری کەست کەوتوو و خەمبار و لەقوماو دەبیستە و دەخوێنێتەوە،وەرە دەداتە خەی و دێیەوە گورجوگۆڵانە و زوو ڕاست بێتەوە بەووی ئەم ناڕەحەتییەدا وئیلهام وەردەگرە لە: "شاعیران و فیلەسووفان و زانایان وایان فەریان کردووین،کە ژیانمان تا سەر هەمیشە لەیێک ئاستدا نابێت".
هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی پاڕەوانی باسەکان بە گشتی ژنان/ دایکانی لەقوماو و کەسکەوتوو و ماندوی دەستی ژیان و گورزخواردووی دەستی قەدەری بەرەحمانەی قورس. دایکانێک دوای مردن و لەدەستدانی هاوسەریان بە کێشە منداڵەوە دەکەونە گێژاپانی جەنجاڵ و سەختی ژیانەوە. ئەم باس و بەسەرهاتانە پەم وایە هەبوونی لە سەرتاسەری کوردستاندا،شتێکی نامۆ نییە و ڕەنگە خەزان و گێژاوێک نەبێت ئەم دیاردەیەی نەبێ. باوک شەهید دەبێت، لەسەدا دەرە و کەمتر منداڵ لەدواییدا بەسەر ژنەکەدا جێ دەهێنێ. برا لە سەدا دەدرە دایک و کەمتر خوشک لە کەمتێگەی باوکسالاریدا تەنیا دەمێننەوە. ئەم کەپلە شیعرەی مامۆستا شەرکە بەکەس پێناسەیێکی

جوانی ئەم دەخەیە.
چاوی زستان، بە وەنەوز، پووی ئارامی لێک نانێ... شستە
باران، هەزار بەهار، نادا بە کوێی گریانێ
شەوی تاریک، وەها چەکی لەسەر سنگی شار داداوە... لە سێوانی، هەر
ماڵکدا، دار ئەرخەوانێ هاوە
چیرۆکەکانی نەو کۆمەڵگەی کوردەواری هەموو دێانزانین و لێی
تێدەگەین. ئەوانەشی لەردا ئاماژەیان پێ کراوە، زیاتر هی
کەسانێکی کەست کەوتوون و خەفەت و داخ و نائومێدی هێندەی مشتێک
لەسەر دڵ و دەروونیان پێکەی کردووە و هەموو ئاسۆ گەشکانی ژیانی
لێ گرتوون. بەڵام نەبەزیون و کێنەدڕانە لە زەریای ژیاندا سەوڵ
لێدەدەن.
ئاخر واقیعی ژیانی ئەوروپا، وەک کۆمەڵگەی پیشەسازی و مەدەرنێ و
شاری گەورە و کاری سەخت و کەتوبەندی گرێبەستەکانی کاردن، لە مێژە
پەلوپەی مرۆڤی ئەم دەڤەرەی بەستووە و تا ڕادەی پووکاندن شکەتی
کردووە. مرۆ زەرجار ناچاربووە، بەتەنیا هووبەووی سەختی ژیان
بەتەوە، هەربەیە دیاردەی هاوسەگیریی و منداڵ خستنەوە کز و سستە و
هێڵکەی زەر نەزمە. تاک و هێکخراو و دەوڵەتە هێڕئاوایی و
مەدەرنەکان بەوە ناسراون، بە هەر کار و بەرنامە و پڕۆژەیەکیان لە
هەر ئاستێکدا بێت، ١ـ ٣ پلان و بژاردەیان هەس. ئەمەش وای کردووە
ئامادەکاریی پێشوەخت بە گەلە ئەگەری کراوە بکەن و لەمەشدا گەلە
سەرکەوتوون. کەواتە ئەوە نهێنی سەرکەوتنی مرۆڤکانە،کە دەبێت ئەو
میکانیزم و خەسڵەتی ئامادەکارییەی پێشوەخت بە هووبەووبوونەوەی
ئەگەرە جەراوجەرەکان ئامادە بکاکەن و حازربەدەستی بکەن و
بپارێزن، تا بتوانن بەرەنگاری چرکەساتەکانی لەقەومان ببنەوە.
کۆمەڵگە هێژەهێاتییەکان کە هەشتا گەشەی پێویستی ژیانی پیشەسازی و
تەکنەلۆژیا و مەدەرنەیان تێنەپەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا
پێوەندییە مرۆییەکان لەرەش وردە وردە بەرەو کاڵبوونەوە و
خاوبوونەوە دەچن.
لەلایەکی دیکەوە دنیای ئەمڕۆ بەختی بەتە، شانۆگەرییەکی تراژیدیایی
بە بەهانەوەیە و سیخناخە بە شەڕ و کارەسات و کوشتن و مەرگی
بەردەوامی ئازیزان و لەدەستدانی کەسە خۆشویستەکان. بەم جەرە
زەمینەی لەبار لە ئاردایە، بە خەمبار بوونی مرۆڤ هەست ناسک و
دەروون پاکەکان. ئیدی بە بەربەستکردنی دامانی هەموو بەها
جوانەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، مرۆڤکان پێویستیان بە پەداویستی
و ئامراز و هەکارەکان هەیە لە لایەک وەک کەرەسەی ماددی و لەلایەکی
تریشەوە دە و دەروونەکی بەهێز و ویست و خواستەکی پڕاپین و گیان و
هێزەکی لێک نزیک بوونەوە و هاوکاری یەکتر کردن و خۆشویستی و

بەهانا چوونی یەکترەوە.
بنەڕەتدا، مرۆ گۆرەکان،کە کۆی ژان و ئازارە قورسەکان بوون، لە ژیانەوە فێربوون ڕەگای سەخت بە خۆیان و کەسانی تر تەخت بکەن. کتێبەکە"بژاردەی دووەم" پێش لە بەسەرهات و سەرگورشتەی جەراوجۆر و وانەی گرنگ و بەچووونی زانستانەی پزیشک و دەروونناس و کەمئەندامناسەکان. هاوکات نموونەی زیندووی لە کولتوور و فەرهەنگی گەلانەوە هەڵگزیوە. لە کارەساتە مرۆییەکانی ڕۆژگاری مۆژوو و هاوچەرخەوە باسگەلێکمان دەخاتە بەرچاو بە بەرچاوڕوونی وفێربوون و بەرزکردنەوە باوەڕبەخۆبوون. ئەوەتا دەڵێت:"فەرهەنگی ئەمریکی وای سەپاندووە کە لە وەڵامی چۆنیت؟دا تەنها وشەی ،باش، بەس نییە… بەڵکو پێویستە ،،زۆر زۆر باش،،مان هەبێت". یاخود گۆڕ خۆیی دی "خۆیی ئەمریکی" ببینێ. ئەمەش بە خێی کردنەوە پەنجەرەیەکی نوێ لەبەردەم بیرکردنەوەمان دا، کە چۆن و چەند گۆشبین بین و باوەڕ پتەو هەڵسوکەوت بکەین و پەرچە کردارمان بە کردارەکان چۆن بێت.

ساتە مرۆ دەکەوێتە تەنگانەوە، تەنانەت داشتنی ئستێرەک و دەربڕینی وشەیەکیش بە خێی ئاماژەیە بە هیواگەشی یاخود هیوابڕاوی بە ژیان. نووسەر دەنووسێ: " من هەمیشە هەست بە ترس دەکەم" ئەو دوای باوەڕ بەخۆبوون و ئابوونەکەی دەیکاتە" من هەندێ کات هەست بە ترس دەکەم". لەم هەڵسانەوە و وەرچەخانەدا ،وەک سەرەتا و پرنسیپ هەر دەبێت پشت بەخۆت ببەستی، ئاخر وەک دەڵێن: گۆڕ خۆکی تر سەرت بە بخوەنێ، ئازارەکەت بۆتەواوی ناشکێ. ئیدی ئەو بوونەوەرەی ناوی مرۆڤ، بە حەتمی لە کاروانی ژیانیدا ڕووبەڕووی کەسپ و کەست و کێشە و دەردیسەری دەبێتەوە، دەبێ بچێتە ناو سەنگەرەکەوە، بە ڕووی لەقەوماندا بەرەنگاری بکات و لەگەڵ سەختی و نالەباری هەڵکەوتوو و بارودۆخدا خێی بگونجێنێ و بە ئزگار بوون لە کارەسات و نەهامەتی و کوێرەوەرییەکان. هەوڵی گەیشتە ترۆپکی دڵخۆشی و شادی بدات. ئەمەش ئەو هاوکێشەیە، کە پاڕەوانی سەر شانۆکەی ژیان هەر مرۆڤ و مرۆڤ و کردە کەمەڵایەتی و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکانی. لەڕۆشدا ئەرک و پێداویستی سەر شانی هەر تاکێکی تەندروست و سوودبەخشی کۆمەڵگەیە، باوەڕ بەخۆبوون لە خۆیدا بخوەقێنێ و گیانی هاوکاری کردنی ئەوی تر لە خۆیدا ساز بدات و بکاتە پرنسیپ. ئەوجا بەم دوو چەکەوە و پێکەوە، دەرەتانی بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشە و کارەساتە دەرەکی و دەتەزێنەکانمان پێ جێبەجێ دەبێت.

هەر تاکێکی کۆمەڵگەش بە بازنەیەکی پەیوەندی گرێ دراوە، کە لە چەقی بازنەکەوە دەست پێدەکات. دایک و باوک بە منداڵەکانیانەوە و

دایک و باوکی خۆیان و برا و خوشک و پاشان خزم و ئۆجا هاوڕێ و دەستانەوە. هاگرتنی پەیوەندی لەم ڕووبەڕشدا، خۆشنوودی و جوانییەکی زیاتر بۆ ژیانمان دەبەخشێ . ئۆقرەش لەکەس شاراوە نییە، بۆ ئۆوەی تێگەیشتنەکی کامڵ یاخود نیوە کامڵمان بۆ ژیان هەبێت، گرێکۆ ئەزموونداری بکەین و لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەوانی تریشەوە فێر بین. هەروەک س. کێرکگاردی فەیلەسووف دەڵێ:" ژیان تەنها بە درەنگ وەختەوە دەتوانیت لەی تێبگەیت، بەڵام دەبێت پێشوەختە بزانیت چۆن دەژیت". کەواتە بەوانە چەند هونەرە مرۆ بتوانە ڕەژگارێ ناخۆش و دڵتەنگییەکانی ژیان بگۆڕێ بە شادمانی و هیواگەشی. ئەم کارەش هەر بە مرۆڤ دەکرێ.
لە وڵاتێ پێشکەوتووەکانی جیهاندا، بە هەزاران جۆری میتۆد بە لەکۆڵینەوەی لە سەر تراوما و دەردە دەروونی و کێشە کەسیەکان کراون و هەن. بودجەی زۆبەلاحیشیان بۆ تەرخان کراوە، هەر بۆ نموونە لەوڵاتی بەریتانیا وەزارەتێکی تایبەت بۆ کێشەی (تەنیایی) مرۆڤەکان دامەزرێندراوە. چونکە ئەم دیاردەی تەنیاییە هەڕەشەیەکی زۆقە لەسەر مرۆڤی سیستەم و کەمەگە پێشکەوتووەکان. شکست و تێکشکان و سەرنەکەوتون و نەگەیشتن بە ئاوات لە قەناغێکدا، دەبێت ببنە مایەی فێربوون و سوود لەوەرگرتن و وانەی سوودبەخش بۆ ئایندەیەکی بۆ شکست و دڵەاندن و هەڵاتن...
" یەک لە باشترین ڕێگاکان بۆ ئەوەی بۆ جوانی خەمان ببینین،داواکردنە لە خۆکی تر کە ئاوێنەیەکمان بۆ بەرز بکەنەوە". سا بنەڕەت کامە پەند لەم ڕستە زیندووەدا هەیە و چ پەیام و جوانییەکی تێدا حەشار دراوە. هەروەها چ بۆ مرۆڤ دەڵێ، هەروەک چۆن دەڵێن: یەکێ لە گەڵپانەکەدا یاری نەکا، نازانێ یاریزان بۆ هەڵە دەکات". مرۆ چەند داهێنەر و مەعلانیش بێت، هەشتا پێویستی بە سەرنج و تێبینی بەرامبەر/ هاوڕێ و دۆستەکەی هەیە، تا پێی بڵێ،ئەمە شێوە و شێواز و باش و خراپی و جوانی و ناشیرنێتی. نەشتەگەر و نووسەر ئاتێ گاوەندە دەڵێ:" وەرزشکاران و گەرانیبەژان، داهێنەریان هەیە،ئاخۆ ئەوش هەتانە؟". چ خۆش بوو هەر تاکێک داهێنەر و ئامۆژگاریکەرێکی هەبوایە، بە گیان و هەستی مرۆڤدۆستی و نیشاندانی ڕێی ڕاست و فێرکردنی کردەوەی چاک، لەسەر سەکوچکەی زەردەشتی مەزن(بیری چاک و قسەی چاک و ڕەفتاری چاک) بهاتینایەتە گەڵپانی ژیانەوە. ئاخر هەموو پێویستمان بە زانینی زیاتر و پەروەردەی باشتر هەیە.

هەر کاتێ پێویستت بە باوەشێکی نەرم و مەجلیسێکی گەرم و چێژێکی خۆشی ژیان بوو، گەڕەکت بوو پێکەیک لە بەرهات و

کۆرۆڤەریییەکانی ئەوانی دیکە دابەدەی و ئەزموونت دەوڵەمەند بکەیت، پەنا بە ئەم کتێبە و ئامێژگارییەکانی بەرێ، وەک گەپاڵ و دارشەق تا بە هەورازەکانی ژیان هەڵگڵۆسی و بە دڵ و نشوەکاندا شۆبیتەوە و هەتا هەموو ڕۆژگا سەختەکانی ژیان بە هونەر و داهێنانی داهێنەرانەی خۆت نەرم و پەدەشت بکەیت. بە باوەڕی من هەق هەموو کەسانی بواری پەروەردە و فێرکاری و دەروونناسی و ستراتیژی ئاشایییشی نەتەوەیی ئاگایان لەم باسوخواستانەی ناوەڕۆکی ئەم بەرهەمە بێت، چونکە کەموزەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە مرۆڤەکانی نیشتمانی داغانبووی ئەمشەوە و چارەنووسە خەمناک و بەختەوەرییەکانیانەوە. ئاخر لە کوردستانی فرمێسک و خوێن، لە ئەنجامی شەڕی داسپاوی داگیرکەران بەسەرماندا،(ئەنفال و هەڵەبجە و داعش و لە سەدارەدان و ڕاوەدوونانی …هتد)،کۆڕەوەری و کارەسات و گوناحەکانی دەستی خودی خۆشمان، ژمارەی بەوەژن و برا گۆشمردە بوو، ئافرەتی لەقەوماو و تاکی بەدەرەتان هەندەی گەڵای دارەکانیان لە هاتووە. برای وەرگێڕ لە دوا لاپەڕەکاندا بەکورتە نووسینێک باس لەوە دەکات بەچی ئەم کتێبەی هەڵبژاردووە و کردووە بە کوردی ،کە دەبەتە تەواوکەری بەچوونەکانی من لەم بووردا.
ئەوجا پێش ماڵئاوایی جێی خۆیەتی دەستخۆشییەکی باش لە مامۆستا محەمەدی وەرگێڕی ئەم بەرهەمە نازدارە بکەم. هەم بە هەڵبژاردنی ئەم بەرهەمە ناوازەیە،کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا زیاتر بایەخی دەرکەوێ و گەڵە کەس خێی تێدا ببینێتەوە.، هەمیش بە ئەو زمانە تێڕو پاراوە و سەلیقە وردەی لەردا بە خەرجی داوە… لەڕاستیشدا، پتر ئیرەیی دەبەم بەو حەوسەڵە و بیندەڕێی و پشووەدرێژییەی هەیبووە، لە وەرگێڕانی ئەم بابەتە نوێیەدا بە کتێبخانەی کورد. دەستخۆش مامۆستای بەپێڕێشی وشە و ڕاشنبیریی کوردی، بە ئەم دیاریە ژیکڕێیەتان بە کتێبخانەی کوردی. ماندوو نەبن لە خزمەتکردن.

سەرنج: هەموو ئەو وشە و ڕستانەی خراونەتە نێو دوو"…" ەوە لە کتێبەکەوە وەرگیراون.

هەڵە بەرزنجەیی ١١/٣/٢٠٢٠

کتێب: دیدار لە بارەی شیعر و ژنامەنووسی … نژاد ءزیز سورمە

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن ...

کتێب: ئامیان… چوارینەی شیعری … نەوزاد مەرگەیی

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

حیجاب وئازادی پێشین چاوپێکەوتنی ژنی ئازاد لەگەڵ حەمید تەقوایی

ژنی ئازاد: دوو هەفتە تیدەپەڕیت بەسەر هەواشاندنەوەی یاسای قەدەغەکردنی حیجاب لە لایەن دەوڵەتی ئیسلامگەرایی تورکیاوە لەشوێندەوەتیەکاندا.پارتی دەسەڵاتداری دادوگەشەو لایەنگرانی ئەردۆغان دەیەن پەسەند کردنی یاسای نوێ،ئازادی دەربڕین دەگەڵتەوە، بە وەتاتێک کەلەسەدا ٩٨ی دانیشتوانەکەی موسەمانن.بۆچونی ئێوە چیەلەم بارەیەوە؟

حەمید تەقوایی: قەدەغەکردنی حیجاب لە شوێنە دەوڵەتیەکاندا هیچ پەیوەندی بەئازادی ئاین ودەربڕینی ئاینیەوە نیە.ئەمە بەشکە لە

پشگرتن بە دستەوەردانی ئاین لەدەوڵەتدایە و لەاستیدا لە بنمایی جیایی دین لەدەوڵەت وسیکولاریزمەوە سەرچاوە دەگرێت.هەرکەسێک ئازادە هەر ئاینێکی هەبێت بەڵام مافی ئەوەی نیە، کە لە ناوەندە دەوڵەتیەکان وهەروەها ناوەندەکانی پەروەردەو بەرهەمهێنانداسود لە نیشانە ئاینیەکان وەربگرێت.حیجاب وەک سیمبۆلێکی ئاینیە و نابێت هیچ لەم سمبولانە لەناوەندە دەوڵەتی وپەروەردە وبەرهەمهێنانکاندا نیشان بدرێن.

ژنی ئازاد:ئێران مەرجی وەرگرتنی تورکیا لەیەکیتی ئەورپادا قوبوڵ کردنی چاکسازیە لەواتەدا.دەوڵەتی تورکیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە یەکێک لەو چاکسازیانە هەڵوەشانەوەی یاسای قەدەغەی حجابە لە شوێنە دەوڵەتیەکاندا.بۆچی ئەبێت یەکیتی ئەوروپا مەرجێکی لەو شێوەیە دابنێت وەلەبنەڕەتیشدا ئەگەر مەرجیکی لەو شێوەیەدابنرێت تاچەند بەرژەوەندیەکانی خەڵک،وبەتایبەت ژنانی تورکیا دەستبەردەکات؟

حەمید تەقوایی:ئەگەر ئەم مەرجە ڕاست بێت، هەکارەکی گەورەی دوبارەی ئاینە بە سیاسەت وقوتابخانەوچالاکی کۆمەڵایەتی وەڕشنبیری، وە فرەکلتوری(ماڵتی کەڵچەریزم)سەردەمانێکە لە ڕەژئاوا تیئۆریزە وئاراستە دەکرێت.بەشێکی تەری کیشەکە ئیمتیازدانی وڵاتانی ئەوروپایە بە بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی وهێزە ئیسلامیەکان لە ئەورپا بە ئامانجی دەستەمۆکردن وگەیاندیانکردنیانە، ئەم هەنگاوانە لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی خەڵک وەیا ژناندا نابێت،بەڵکو لەگەڵ ئامانجی سیاسی وئابوری وبەرژەوەندی چینی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتانە لەبنەدو بەست و سازش ومامەڵە لەگەڵ هێزو دەوڵەتە لەادەبەدەرکەنەپەرستە ئیسلامیەکاندا خزمەت دەکات.

ژنی ئازاد:ئیوە دژی ئەون کە ژنان بەیەژیەک بەنە دائیرەونشوێنە دەوڵەتیەکان بە حیجابەوە .ئایا ئەم دژایەتیەی ئەوە بەر بەئازادی جل وبەرگ پێشین ناگرێت؟بۆچی ئەوە باوەڕتان بەئازادی جلوبەرگ پێشین نیە بە کەسانی پێگەیشتو؟

حەمید تەقوایی:حیجاب جۆرێک نیە لە جلوبەرگ پێشین.ژنان لەبەر مەدێل وجوانی ولەباری وەیا ئاسودەی وپاراستن لە گەرماو سەرما،سەرپۆش وپێچەو بورقەعیان هەڵنابژێرن.بەڵکو بەهۆیی جیاجیاکردنی دەستورە ئاینەکەیانەوە دەبنە باڵاپۆش.هیچ ژنێک لەبەردەم ئاوێنەدا لەخۆی ناپرسێت ئەمە چاکێت وپانتۆڵە لەبەرکەم یان حیجاب بدەم بەرسەرمدا!هەر جلێک بپۆشێت ناچارە کە حیجابی بکات بەسەردا.هەر ئەم ڕاستیە سادەیە نیشانی ئەدات کە حیجاب پۆشاک

نیە.لەبنەڕەتدا فەلسەفەی ئاینی پشاک نیە بەڵکو"بەدور ڕاگرتن"ی ژنانە لە چاوی پیاوانی نامەحرەم.حجاب پێچانەوەولە پاکەت نانی سەکسی ژنانە وەک کالا کەهەر خاوەنێکی دەتوانێت بیکاتەوە.من ڤەدیەی ئاخوندەکم بینی کەلە مینبەرێکیدا ژنی دەچواند بەو سەرپشتیە کەلەسەر کەبابی سەفەری دادەنێن.ئێیوت ئەگەر ئەتانەوێت پیاوەکان هەستیان بە ژنەکانتان نەجوڵێت ئەبێت حجاب بکەیتە سەرژنەکانتان!(لینکی ڤیدیەکەی لەخوارەوە دادەنێم)
خاڵێکی تر ئەوەیە کە تەنانەت ئەگەر حیجاب بەجارێ پشاکەکیش بزانین دیسان لە هەموو شوێنێک وناوەندێکی دەوڵەتی وکەمەڵایەتی پڕی ناگرین.هاوڵاتیەکی ئازاد هاوڵاتیەکی ئاسایی هەرچی پێ خۆش باڵبەری کات،بەنام پەرستارێک،یا پۆلیسێک،یا وەرزشکارێکی تەپی پێ ناتوانێت لەسەر کارەکەی خۆی ئامادەبێت.تەنانەت زۆرێک لە یانەو ڕیستۆرانت وئێنجومەنەکان وهیتر کەدی جل وبەرگیان هەیە کەئەگەر لەو ڕیعایەتی نەکەیت لەو ناوەندە ڕەگاتان پێنادەن.کاتێک هاوڵاتیان دەچنە پێوەندی کاری کەمەڵایەتی وبەرهەم هێنان ئەبێت بڕیارکانی ئەو کارە وێان ئەو کەمەڵە دیاریکراوە پێڕەوبکات.کەسێک کەنایەوێت ئەم سنوردارکردنانە قبوڵ بکات لەو پێوەندی وکەمەڵە دیاری کراوانەدا بەشدار نابێت.

ژنی ئازاد:ئایا بەناياسایی کردنی حیجاب، لە ناو بزوتنەوەو باوەدارانی بە ئایندا ڕەوایەتی نادەیتێ؟
ئەگەر حیجاب کەنەپەرستانەو دواکەوتوانەیە،کەوایە،ئاینی خۆی وڵەناویشیاندا ئیسلام کە زۆرتردواکەوتوە وە کەنەپەرستانەیە.بۆچی ڕاینا گەیەنیت کە هەموو ئایندکان قەدەغەن؟

حەمید تەقوایی:لە بڕیەک کەوتن لەگەڵ ئایندا ئەبێت جیاوازی لەنێوان ئاین وەک باوەڕێکی کەسی وئاین وەک کاری دەوڵەتی-کەمەڵایەتیدا قبوڵ بکەین.ئاین لەهەردو بارەکەدا کەنەپەرستانەو دواکەوتوانەیە،بەنام ڕەگەی ڕوبونەوەیان وەک یەک نیە.ئاین وەک باوەڕ ناتوانیت ونابێت قەدەغەبکرێت.ڕەگەی خەبات لەدژی باوەڕی ئاینی ڕەشنگیری وکاری زانستی و فەرهەنگیەوە نەک قەدەغەکردنی یاسایی.ئەوەی کە دەبێت قەدەغە بکرێت دەستوەردانی ئایندە لە ژیانی کەمەڵایەتی هاوڵاتیان-دەوڵەت وسیستەمی پەروەردە وسیستەمی دادوەری وناوەندەکانی بەرهەمهێنان وهیتر.بۆچی کە ئەم کارە نەک بە باوەڕ بەڵکو لەگەڵ مافە ئازادی وهاوڵاتیان لەناکۆکیدایە.تەنانەت کەمەڵگایەک کە بیرۆکەی ئازادی باوەڕ(عەقیدە) وەک باوەڕی تایبەتی زامن بکات ئەبێت سیکۆلاریزم وسیناوی مەزهەب لە کاروباری

کۆمەڵاتیدا وەک بنەما وەربگرین .لەهەر رژێمێکدا کە ئایینکی دیاریکراو-وەک ئایینی فەرمی وەیان ئایینی زۆرینە وەیا حکومەتی پاپای فاتیکان وەیا ولایەتی فەقیە وهیتر-پێگەیەکی تایبەت بەدەست ئەهێنێت بیەوێت یان نا باوەڕداران بە ئایینکانی تربەهاوڵاتی پلەدوو هەژماردەکرێن .نمونەی زیندو پێگەی بەهائیەکان ودەروێشکان وەیان تەنانەت ئەهلی سونەیلەژێمی کەماری ئیسلامیدا .

ئەرکی دەوڵەت بەدور لەاگرتنی کەمێگەیە لە یاساو سونەت وکارکردی کەنەپەرستانەو دژی ئینسانی مەزهەب.تەنانەت لە ئاستی پراتیکی وفەردی وکەسی لەهەر شوێنێک کە ئەو سونەتانە لەگەڵ ماف وئازادیە سیاسی وکەمەڵایەتی وحورمەتی هاوڵاتیان و تەنانەت مافی ئاژەڵانیشدا ناکۆک دەبێت ئەبێت قەدەغەبکرێت.بەشودانی منداڵانی کچ دەبێت قەدەغەبکرێت،تەنانەت ئەگەر دایک وباوک وکچەکەش خەیان ڕازی بن.حیجابی منداڵان وخەتەنەی کوڕانی منداڵ وزنجیر وقەمە وشاندن وسەربڕینی ئیسلامی ئاژەڵانیش ئەبێ قەدەغە بکرێت.بڕیاری ئەم قەدەغەکردنانە ناکۆکی ئەو سونەت ویاسا وکردەوانەیلەگەڵ مافە سەرتاپیەکانی هاوڵاتیان وەیان ئاژەڵاندا.لەبەرئەوە ئیتر تەنانەت تایبەتمەندی و یاان سەرچاوەی ئایینی ئەم کردەوانە گرنگی نیە.ئەوە گرنگ نیە کەسێک بە فەرمانی خودا وەیان لەبەر دەمارگری میللی وەاسیستی وەیان بە هەی ئاژەڵازی دەرونیەوە ئەم کارانە دەکات.گرنگ ئەوەیە کە ئەم کردەوانە لەگەڵ مافە سەرتاپیەکانی هاوڵاتیاندا ناکۆکەو هەر بەو هەیەوە دەبێت قەدەغەبکرێت.

هەتا ئەو شوێنەی کە مەسەلەکە پەیوەست دەبێتەوە بەبابەتی جێ مەبەستمان کە حیجابە، هەر بەو شێوەیەی کە ڕونمکردەوە حیجابیش وەک هەر دەرکەوتن و سومبوڵیکی ئایینی تر ئەبێت لە ناوەندە حکومی وپەروەردەیی وبەرهەمهێنانکاندا قەدەغەبکرێت.بەڵام حیجاب تەنانەت وەک هەڵبژاردنکی کەسی وڵەدەرەوەی ئەم ناوەندانەش کارێکی کەنەپەرستانەیە کە لە ڕوانین بە ژن وەک کاڵایەکی سێکسی خەشی دەبینێت وە دژی حورمەت وکەرامەتی ئینسانی ژنانە.لەبەری عەلمانیشەوە حیجاب-وەک پەڕاوی دارین کە یابانیەکان لەپێی کچانیان دەکرد-ناکۆک بوو لەگەڵ جوڵان ویاری وچالاکی لەشولاری کچەمنداڵەکان وچالاکی فیزیکی وەرزشی ژنانە.حیجاب کەت وبەندێکە کەهەر لەمنداڵیەوە ژنان دەباتە دواوەو لە پێگەی ژێردەستەیی پیاودا ڕایدەگرێت.بەو دەلیلەیە کە ئەمە خوازیاری لەناوچونی حیجابین لەکەمەگەدا،بەڵام بە گەیشتن بەم ئامانجە نەک بەیاسا بەڵکو دەست بە کاری فەرهەنگی وزانستی وەڕشنگەری دەبەین.

ژنی ئازاد: ئەگەر ژنانی سەرو تەمەنی یاسایی خۆیان لە یەفراندەمکی ئازاددا بەین حەزدەکەین حیجابمان هەبێت، ئەوە قبووڵی ئەکەن؟ ئەگەر قبووڵی نەکەن ناچنە ڕیزی ئەو بزوتنەوانەی کە گوە بە دەنگ زەرینەی خەڵک نادەن وپیشڵی دەکەن ؟

حەمید تەقوایی: ئەی خەڵک معیاری دەست نیشانکردنی ڕاستی نیە. ئەگەر لە سەردەمی گالیلەدا لە ئەورپا یەفراندەمیان بکردایە ئەگەری زەر هەبوو کە سوڵانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دەنگی نەدەهێنا! کەسای کاسلیک کە ئەوسەردەمە گالیلەیان ناچار بەتەبەکردن کرد لەڕاستیدا نەوەنەڕایەتی زەرینەی ئەوسەردەمەی دەکەرد. ئەی زەرینە لەبنەڕەتدا دیموکراسی بە بەیاردانی عەمەلی- بەڕەوبردن بایخی هەیە، نەک بە دەستنیشانکردنی باش لەخراپ وەیان ڕاست لەهەڵ. دەرباڕەی حیجابیش هەر هەمان کار ڕاستە. ئەگەر تەنانەت هەموو خەڵکی کەمەگە دەنگ بدەن بەحیجاب ، ئەوە حیجاب نابێتە کارەکی ئیجابی وپیشکەوتوخوازانە. هەر بەو شێوەیەی کە دەنگی هەموو کەیلەکان بەکەیلایەتی .کەیلایەتی ناکاتە جگای قبوە ومەڵت پەدراو. ئەبەت ئاگامان لەوەبەت کە شتێک بەناوی حیجابی ئیختیاریەوە بونی دەرەکی نیە. تەنانەت ژنانی ئاینی کەوا بیردەکەنەوە بەئیرادەی خەیان حیجابیان قوبوڵکردوە لەڕاستیدا بە زەری ئاین- ئەخلاقی- سونەتێک کە لەلایەن کەمەگەو بەتایبەت پیاوانی خەزان-وڵەوەاتەکی وەک ئەراندا لەلایەن دەوڵەتەوە- دەسپەنرەت ملیان داوە*.

وەرگیڕانی کاوە :عومەر

۲۰۲۰\۳\۱۱

۲۰۱۳\۱۰\۲۱ لەژنی ئازاددا بەاوکراوەتەوە

بەاوکراوەی فیتنە- بزوتنەوەیەک لەپەناو ڕزگاری ژناندا

لینك به اراجیف آخوند

https://www.youtube.com/watch?v=LCNlwlA_CgA

مندرج در زن آزاد شماره ۱۵

سەزی کچێك بە باوکه زیندانی

کراوەکەی لەتابلۆیەکدا... ن: ئەحمەد کامەران

دەربارەی سزداری و خشەویستی مۆقەکان بۆ یەکتری مژوویەکی زۆرکۆنی هەیە کە هاوکاتە لەگەڵ دروست بوونی مۆقایەتی لەسەر ئەم گۆی زەویەدا, ئەگەر چی جاروباریش ئەم پەیوەندییە سزداری و خشەویستیەی مۆقەکان دەگۆڕت بۆ پەیوەندەی ڕق و کینە کە دەرئەنجامەکەیشی زۆر ڕووداوی ناخشی لێدەکەوتەوە لەنێوان مۆقەکان ئەگەر چی لەپاشان پەشیمانی بەدوای ئەو مۆقە تۆیەدا دێت کە هەستاوە بەتۆیی و هەفتاری ناشرین بۆ بەرامبەرەکەی بەڵام لەکۆتایی دا کارەکە لێك ترازانی لێ کەوتەتەوە , بۆیە دەبێت بەردەوام مۆقەکان بەخشەویستی و سزدایەوە بۆ یەکتر بژین هەتاوەکە کۆتا چرکە ساتەکانی ژیانیان , چوونکە دەرئەنجامی خشەویستی نێوان مۆقەکان دەبێتە دڵخشی دەکان و بەخشینی ئاسوودەیی بەیەکتر و جوانکردنی سیمای کەمەگا ... هتد

ئەگەرچی خشەویستی مۆق پێك دێت لە دوو هەگەز کە ئەویش نێر(پیاو) مێ(ئافرەت) ئەمە بە واتای ئەو نایەت کە خشەویستی تەنیا لە گۆشەی دڵداریدا کۆ بکرێتەوە کە ئەویش لەنێوان (کچ و کوڕدا)ووەدات, نەخێر بەڵکو سنوری خشەویستی سنورێکی زۆر فراوانی لە هادەبەدەری هەیە کە هیچ پێوانەیەك ناتوانێت هەژماریان بکات هەرچەندە زۆر جاری وا هەیە دەبینین مۆق خشەویستی بۆ ئاژەڵك دروست دەبێت کە ئەوەش شتێکی ئاساییە چوونکە ئەو مۆقە لەکۆتایی دا سزکی لەو ئاژەڵو بینیوە بۆیە هەستی سزداری بۆی دروست بووە کەچی جاری وا هەیە سزی ئاژەڵك بۆ مۆقێك زۆر لەوە گەورەترە لە سزی مۆق بۆ مۆقێکی دیکە, چوونکە مۆقی وا بوونی هەیە کە بەردەوام ئارەزووی ئەوە دەکات مۆقی بەرامبەرەکەی کەسکی هەزیل و ێسواو کێلەی خۆی بێت یاخود بەردەوام هیوای ناخشی و دڵانی بۆ دەخواست لە ژیانی دا...

بەڵام دەربارەی سزی خشەویستی مۆقەکان بەشی زیاتری دەکەوێتە بەر هەگەزی مێ(ئافرەت) کە بەردەوام خاوەن دڵکی بەسزە بۆ خشەویستی, ئەمەش بەهۆی ئەوەی هەگەزی مێ(ئافرەت) دەبێتە پیرزترین هەگەز کە ئەویش بوونی بە دایك , چوونکە کاتێك هەگەزی مێ دەبێت بە دایك هەست و سزی خشەویستی زیاتر دەبێت بۆ بەرامبەرەکانی بەتایبەتیش بۆ منداڵەکانی کە ئامادەیە لەپێناویان دا هەموو شتێك بکات.

یەکێك لە نمونە جوانەکانی خۆشەویستی هەگەزی مێ کە پێیەتی لە وەفاداری و قوربانیدان ئەویش لە تابلۆیەکدا بەدی دەکرێت کە لەلایەن هونەرمەندی شێوەکار(بێنزە)وە کێشراوە لەساڵی 1630ز کە ئێستا ئەو تابلۆیە لە مۆزەخانەی رایکس میوزایم لە ئەمستردام(هۆلەندا)یە.
تابلۆکە وێنەی پیاوێکی پیری زیندانی کراوە لەگەڵ کچێك کە لە هەمان کاتدا کچ و باوکن , دیمەنێك تێدا دەبینین لەنێو ئەو تابلۆیەدا کە زۆر تووشی سەرسوڕمانمان دەکات کە کچەکە مەمکی خۆی لەکراسەکە دەردەکات وبەمەمکەکانی شیر دەدات بە باوکە پیرە زیندانی کراوەکەی.
کێشانی وێنەی ئەو تابلۆیە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویی وەرگیرا لە ڕۆما , پیاوە پیرەکە ناوی (سایمۆن) وە کچەکەش ناوی (پیرۆیە) سایمۆن سەرکردەیەکی سەربازی ڕۆمایە کە لە جەنگێکدا شکست دەهێنێت لەبەرامبەر جەرمانەکان, ئیتر دەستبەجێ پاشای ڕۆما بڕیاری زیندانی کردن بۆ سایمۆن دەردەکات بۆ هەتا هەتایە, وە پاشای ڕۆما فەرمانی کردبوو کەهیچ جۆرە خواردنێکی پێ نەدرێت, بەڵام تەنیا کچەکەی بۆی هەیە سەردانی بکات بەمەرجێك هیچ خواردنێکی پێ نەبێت, بەڵام لەکاتی لەسەردانی کردنی پیرۆی کچی بۆ لای باوکی ڕاستەوخۆ بە مەمکەکانی شیر دەدات بەباوکی ,کەئەمەش وای لەسایمۆن کرد بەهێزتر بێت,ئیتر ڕۆژکیان پاشای ڕۆما بەو کارەی کچەکەی سایمۆن دەزانێت , هەربۆیە زوو بڕیاری ئازادکردنی سایمۆن دەدات کە ئەمەش وەکو وەفایەك بۆ خۆشەویستی کچێك بۆ باوکەکەی کەبۆ دواجار ئەو تابلۆیە دەبێتە سیمبولێکی جوان بۆ خۆشەویستی و وەفاداری.
وێنەی تابلۆکە دیمەنێکی پڕاو پڕ لە تراژیدی و خۆشەویستی بۆمان نیشاندەدات , وە لەهەمانکاتیشدا پەیامێکیشمان پێ دەدات کە دەڵێت: مرۆڤەکان ئەوکاتە جوانن کە هەست و سۆزی خۆشەویستیان بۆ یەکتری دەردەبڕن و دووردەکەونەوە لە هەموو جۆرە ڕق و کینەیەك, وەکو لە دیمەنی ئەو تابلۆیە بینیمان ئەوەیە کە خۆشەویستی کچێك بۆ باوکەکەیەتی کە لە کووچێکی زیندان دایە, هەرکاتێك خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤەکان کۆتایی هات و گۆڕا بۆ ڕق و کینایەتی ئەوکاتە ئیتر دەبێت بڕۆن مرۆڤایەتی کۆتایی هات.
لە تابلۆکەدا دیمەنێکی تر بەر چاومان دەکەوێت ئەوەیە کە هەگەزی مێ (ئافرەت) چەند هەگەزێکی بەوەفان کە توانیویانە هەتاوەکو تاڕادەیەکی بەرچاو سۆز و خۆشەویستی بباوبکەنەوە , بەڵام ئەوەی کە جێگای داخە لەلایەن بەشێکی زۆری پیاوانەوە خوێندنەوەو تێگەیشتنیان بۆ ئافرەت لە گۆشەیەکی جەستەدا کۆی دەکەنەوە واتە تەنیا بۆ ئارەزوو سێکسیەکان لێیان دەڕوانن کەئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە

که دەبێت بەپێچەوانەکەیەوە بیر بکرێتەوە لەبەرامبەر هەگەزی مێ(ئافرەت) چوونکە لەکێشەیی دا مێژ لە دوو هەگەز پێك هاتووە ئیتر پێویست بەوە ناکات هیچ کام لە هەگەزەکان خۆی زاڵ بکات بەسەر هەگەزێکی تر بەڵکو دەبێت هەردووکیان لە یەك ئاستدا بن و شان بەشانی یەکتر لەسەر ئەم گۆی زەیەدا درێژە بەژیان بدەن و سۆز و خۆشەویستی بابکەنەوە بۆ یەکتری...

جێدانی باری لە ناکاو ئامادەکردنی / پارێزەر/ لوقمان مصطفی صالح

یاسای باری لەناکاو یاخود نائاسایی (حاڵەتی طواری) جیاوازە لەگەڵ یاسا بەرکارەکانی تری ووڵات،لە بەرئەوەی لایەن سەرکی ووڵاتەوە بۆ بڕیارێکی تایبەت بە مەرسوومیك دەردەچێت، بە پیی ئەحکامی عورفی یان ئەوەی پیی دەلین باری لەناکاو ، دەتواندرێ باری لەناکاو بسەپینرێ بەسەر هەموواڵات یاخوود بەشێکی یا ناوچەیەکی دیاریکراو بۆتەنیا،زۆر جار ماوەکەی دیاری دەکرێت، کە بۆ چەند ماوەیە و کەی کۆتایی پێدێ .

کۆواتە لە هەرێمی کوردستان پشت بەست بەقانونی ژمارە (١)ساڵی ٢٠٠٥ سەرکایەتی هەرێمی کوردستان ەعێراق هەموارکراو دەقی مادەی (١٠) بڕگەی(٨ ، ٩) تایبەت بە دەسەاتەکانی سەرکی هەرێم بۆ (جێدانی باری نائاسایی و سەرپەرشتی کردنی کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان)دەرهەق بە جێدان و توندترکردنی ەنمایەکان. بەنمونە.. بەرنگاربونەوەی ئافاتی (کەرەنا) کە لە ئێستادا بەرکی دونیاو کوردستانیشی گرتووە،بەمەبەستی پاراستنی ژیانی چین و توێژکان کە زەرورەتکی ئەخلاقی و قانونی و شەرعیە لە پێناو پاراستنی گشتی و بەرژەوەندی گشتیدا.

ئەم یاسایە (یاسای باری لە لەناکاو) ئەو دەسەاتە دەداتە دەسەاتی جۆبەجۆکار کەهەسە بە سەندنەوەی چەند سەلاحیاتیك لە دەسەلاتی(تەشریعی و قەزائی) بۆ دەسەلاتی جیبەجیکردن.کە تا ادێك دەسەلاتی ەهای دەبێت لە پیادەکردنی دەسەاتەکانی خۆی.وەک

دیاریکردنی(ماف و ئازاد)ی هاولاتیان و دەستگیرکردنی گومانلیکراون ویاخود ئوکسانی کە سەرپەچی بریارکان دەکەن بە ماوەیەك كە دیاری نەکراوە بەبێ ئاراستەکردنی تاوانەکەیان، یان بەبەشکردنی مافی گردبوونەوە یان(منع تجول)و لە کات و شوینی دیاریکراو .

وە دەستوور هەمیشە ئەو لایەنە بەرپرسیار دیاری دەکات کە هەلدەستێ بە راگەیاندنی بارودۆخی لەناکاو و وە ئەو حالەتانەی کە یاسا ریگەی داوە باری نایاسایی تیدا رابگەیەندرێت، کە ولات ووبەرووی دەبیتەوە وەکو :رووداني سروشی و مرۆیی وەک ئاوی ئستا لە هەرێمی کوردستان دەگوزەرێ بە هۆی بەرز بوونەوەی کەرتنا ڤایرس باری لەناکاو ئاگەیەندراوە.وە بە پێی یاسا سزای بۆ دانراوە کە هەرکەس سەرپەچی بکات.

سزای سەرپەچی بریاری لیژنەی دەستات پێدراو

مادەی (240) یاسای سزادانی عیراق / هەرکەسێک سەرپەچی بریاری فەرمانبەر کە لە خزمەتی گشتی دایە یان لیژنەی شارەوانی یان لیژنەی رەسمی دەسەلات پەروی کرد سزا دەدرێت بە بەندکردن [حبس] زیاتر نەبێت لە [٦]شەش مانگ یان بە پێبژاردن زیاتر نەبێت لە ١٠٠ دینار(هەبێتە بری پارەکە لە ئستادا هەموارکراوەتەوە)

نمونە :

١ـ سەرپەچی کرنتینە قەدەغەی هاتووچۆ ـ

٢ـ سەرپەچی ئوکسانی لەدەرەی ولات گەراوەتەوە عیراق و کوردستان ناچن بۆ لیژنەی پزیشکی پشکنینی کەرنە و کرنتینە ـ

تاوانی زیان گەیاندن بە تەندوستی گشتی

مادەی (368)لە یاسای سزادان / هەرکەسێک کارێک بکات بێتە هۆی مەترسی بلاو بونەوەی نەخۆشیەکی ترسناک زیان بە ژیانی خەڵک بگەیەنێ سزادەدرێت بە بەندکردن [حبس] بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە [٣]سێ ساڵ ـ

مادەی (369) لە یاسای سزادان / دەڵێت گەرهاتوو بەهۆی بلاوبونەوەی ئەم نەخۆشیە خەڵک مردن یان بووەهۆی بریندار (بعاهة مستديمة) سزادەدرێت بە زیندانی کردن [سجن] بۆ ماوەیەک زیاتر نەبێت لە [15] ساڵ ـ

نمونە /سەرپەچی ئوکسانی هەڵگری نەخۆشی کەرەن ناچن بۆ لیژنەی پزیشکی فحسی کەرەنە کرنتینە لەناو خەڵک دەسوڕن و دەبنە هۆی بلاو بونەوەی نەخۆشی.

کرۆنا.. پەتایەکی تازەو سەر دەمیکی نوێ ... دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

چەندخاڵێکی گرنگ بۆ بەرچاوی هه موان.

کرۆنا وەک پەتایەک کە ئێستا هه موو جیهانی گرتووتەوە، بەسروشتی دروست بووبێ و بەهاو بووبێتەوە..یان دروستکراوبێ و سیاستی پیلانگێڕیی بەدواوە بێت! نە خۆشیەکەو بوونە بە واقیع وقوربانی لێکەوتەوەو بە سەتان هه زارو ملێونانی خستووەتە خەپارەزیی وهه موو جیهان ڕۆژ بە ڕۆژ چاکترو توند تر دەکەوێتە بەربەرەکانی ئەم نەخۆشیە سەرتاسەریەی هه موودنیا، ئەرکی بە هه موو وڵاتێک و شارێک و ماڵێک و تاکێک پێیداکردووە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێن.. یەکەمینجارە هه موو مرۆڤایەتی بە یەک شێوە ژیان بە سەردەبەن. ئەم ڕەوشە نوێیە لە داهاتوودا سەرتاسەری ژیان دەخاتە قۆناخێکی ترکە زۆر جیادەبێت لە پێش بەهاوبوونەوەی کرۆنا! گرنگانکاری لە باری دەروونی تاک و پەیوەندی خیزان و کۆمەگاو سیاسەتی حکومەتەکان .هه ر ئێستا سەرەتای ئەم گرنگانکاریە بەدەرکەوتووە. ئەمە ڕەوشی هه موو ڕووداوە گەورەو فرەوانەکانی جیهانن..هه ر بۆیە ئەرکی زانکۆکان و لێکۆڵەرەکانە هه ر ئێستا بە هیوای لێکۆڵینەوەپەویست و زانستیانە چاوی خۆیان بکەنەوەو لە نەو ڕووداوکانی وەک بە پسپۆری خۆیان داتاو بنگەڵ کەبکەنەوەو بە دوای ئەنجامی زانستیەوەدا بگەڕێن و زیانەکان بکەن بە مایەی تاقیکردنەوەی بەسود و دەرس وەرگرتنی پەویست.

چەند لایەنێکی نوێی گرانکاریەکان..

-گرانکاری ئەدەبی و هونەری و میدیایی ، ئێستا بەرووبی بەرچاوە کە قۆناخێکی نوێی ئەدەب و هونەرو میدیایی دەستی پێکردووەو ئەرکی پسپۆرانی ئەم بوارانەیە دەست بکاربن و لێنگەڕێن ئەم سەرتایە لە ڕەگای ڕاست و دروستی خۆی دوور بکەوێتەوەو هه ڵەو نادروستی نەکەن بە کارێکی باوو کارچاکەکان برەو پێبدرێن و کەسە چاکەکردووەکان ئافەرین بکرێن.

-لە ڕووی تاکەوە تاکی وەک زەربەی هەر زەری لەماڵەوە خۆی

خستووەتە خەپارەزی و بەکار لەسنووریکی بەرتەنگ شەوو ڕۆژ بەسەر دەبات ، پەیوەست دەکات پسپۆرەکان هاریکاری ئەو تاکانە بکەن کەژیانی نەوماڵەوە بە تاقەت و نیگەرانیان دەکات ، بەرنامەی زانستی و پیاوانی شارەزا لە ڕادیۆ تەلەفزیۆنکانو میدیا بەگشتی ڕەنمایی و ڕەنیشاندەریان بن بۆ خۆ گونجاندن لە گەڵ ئەم ڕەوشە نوێیەو دەرچوون بۆ تەندورستی.

- خیزانەکان بۆ یەکەمجار هەموو ئەندامانی خێزان پێکەوە بە ماوەیەکی درێژ لە ماڵەوەکەدبنەوەو دەمێننەوە، پەیوەستە پسپۆرانی خانوادەیی ئەوانیش لە میدیاکان هاوکاریان بکەن وەڕەنیشاندەریان بن بۆ خۆگونجاندن و دەرچوون لەم ڕەوشەو بۆ سەلامەتی دەروونی و جەستەیی و ڕۆشنبیریکی پەیوەست.

-حکومەت پەیوەستە وەزارەتەکان هەر ئەستا لەکەنەوە لە توانای خۆیان بکەن و کەم و کورتی و لایەنە باشەکانی خۆیان بناسن و کەم و کورتیەکان بەرە بەرە کەم بکەنەوەو خاڵە باشەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بە هێز بکەنو پەیوستیەکان بەردەست بکەن .

-ئابووری ..پەیوستە تاک و خیزان و کەمەڵگەو حکومەت بە چاوەکی ترو بە شارەزاییەکی زەرتر بیر لە دارایکی خێراگرو بە هێز بکەنەوەو بەردەوام داهاتوو و ئەم جارە پشهاتانیان لە بەر چاو بگرتو ئامادەیی پەیوستی بە ڕاچاوبکەن.

-لە ڕووی تەندروستیەوەزانکەکان و پسپۆرەکان بەوردی پشهاتە نوێکانی نەخشی و پەیوستیە دەرمانی و کەرستەیەکان دەستنیسان بکەن و نەخشە بە داهاتوو بکێشن.

-وەزارەتی ناوخۆ پەیوست دەکات بەوردی کەسانی شارەزایی خۆی دابنێ و ڕۆژ بە ڕۆژو شوێن بە شوێن سەرنجی کارەکان و کەم و کورتی و پەیوستیەکان بدات و ئامێرو ماشێن و کەرستەی پەیوست پەیدا بکات و شەوازی سەرکەوتوو هەڵبژیری بۆ داهاتوو.

-پەروەردەو خوێندنی باڵا پەیوستە هەرچە زووە بیر لە جۆری خوێندنی جێگرەوەو بکەنەوەو ئامێرو کەرستەی پەیوستی بۆ پەیدا بکەن و نە هەڵن منداڵ و گەنجەکانمان لە خوێند دوور بکەونەوەو سارد ببنەوە، هەرچی زووە تواناکانیان بخەنە کارو بیانخەنە بەدەم جۆرەکی تر لە خوێندن کە زەرتر پشت بە خۆ دەبەستە ، ئەمەش دیسان پەیوست بەتەلەفزیۆنی تایبەت و بەرنامەی زانستی و پەروەردەیی دەکات کە بگونجێن لە گەڵ ئەم سەردەمدا.

-وەزارەتی کشتوکال پەیوستە ئەم وەزارەتە هە رچی زووە پلانی سەوزکردنی وەات وزەرکردنی بەرهە م دابنە ودەستی شارەزای جوتیارەکان بخاتە کارو گرنگیەکی پەویست بە گوندو جوتیار بدات و ئامۆری تازەو ەگاکانی زانستی گونجاو لە گەڵ ئاوو هەوای وەات بخاتە بەردەم جوتیارەکان ویارمەتی بەرهەمهێنانی دانەوڵەو گۆشت و شیرەمەنی ومریشک و هەلکەبداتو لەم ەووەو جوتیارەکان بخاتە پەشبەکی بەرهە م چاکی و زەریەوە.
-بەندەاوو ەووبارەوکانیەکان و ئاوی ژەرزەوی دەخوازن بە بەرنامەی کورت و درێژ زەر بکرێن و چاک بکرێن و هە موو کوردستان بگرێتەوە، چێن ئەمانە یارمەتی کشت وکال و سەوزکردن و جوانکردنی وەات دەدەن .
-ەگاو بان و پردەکان پەویستە بەبەرنامەی سەرتاپاگیرچاکبکرێنەوەو زەربکرێن، چێن ئەمانە یارەتی دەری زووگەیشتن وەزگارکەری نەخۆش و پەویستەکانن و دەبنە هەی ئاسان و سەلامەتی هاتووچەکردن لە نەو شاروگوندەکانی کوردستان.

دکتەر مەولود ئیبراهیم حەسەن
١٧/٣/٢٠٢٠
هە ولێر

زاناکانی بەریتانیا داوای گۆڕینی پلانی حکومەت دەکەن … ئاسەکمال

٤٤٤ زانای بەریتانی داوای گۆڕینی پلانی حکومەت دەکەن کە مەترسی زیاتر لەسەر ژیانی خەڵک دروست دەکات.
ئەم زانایانە بەپێی بەراوردی داتای توشبوانی بەریتانیا کە یەك دەتەوە لەگەڵ توشبوانی وەاتانی ئیالیا، ئیسپانیا، فەرانسا و ئەمانیا، دەەن ئەگەر حکومەت بەیاری دورکەوتنەوەی کەمایەتی

نەدا، واتە دووركەوتنەوەی خەڵک لە یەکتری لە بنەڕەتدا پێویستە بەگومان شوێنی کاری بۆ کەمکردنەوەی کارگەی فەرمانگەکانەدا دگرتووە، ئەوا دیارە هەزار لە چەند هەڤتەی داهاتودا توش دەبن.
هەروەها دەخنە لەو بڕیارەستیەی حکومەت دگرن کە باسی "توش بونی بە کەمەدکا" کە گوایە دواتر مناعە و بڕگری لێش زیاد دکا و دەڵێن گۆشەی ئەستای ئەم پەتا و ڤایرەسە بڕی پە ناگیرە و لە کاتی تەقینەوەی بۆمبونەوکەیدا لە چەند هەفتەی داهاتودا ملیۆنها کەس توش دکا وئەمە بەیوبڕی تەندروستی وخستەخانەکان دخاتە ژێر فشارەکی گەورەوە و ژیانی خەڵکیکی زۆرتر دخاتە مەترسیەوە.
ئەوان پشنیاردکەن کە حکومەت پەیوەری دورکەوتنەوەی کەمایەتی پەیڕەو بکا تاکو گۆشەی ئەم ڤایرەسە خاوبکاتەوە کە بەمە ژیانی هەزاران کەس دەپارێزرێ.
پارتی کرێکارانی ئۆپۆزسیۆنیش دەخنەی لەم بڕیارەستیەی حکومەتی پارێزگارانی سەرمایەدارانی بڕیتانیا گرتوە کە پشتی کردەتە کارکردن لەگەڵ ناوەندە نەودەوڵەتیەکان بۆ بڕگرتن بە بۆمبونەوەی ئەم پەتایە لە ئاستی جیهانیدا.
سەرکی حکومەت زۆر بەشەرمانە ڕایگەیاندوە کە دبێ خەڵک خۆی ئامادەبکا بۆ ئەوەی کەسێ نزیکەکانی لەدەست بدە ن و ئۆگەر منارەان نەچنەوە قوتابخانە باوک و دایکیان ناچنەوە سەرکارەکانیان و هاوکات ئاشکراشە کە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان هەر ئێستا کورتیان هێناوە لەوەی بتوانن فریای پشکنین بۆ هەزاران توش بو بکەن و پەداویستیە سەرەتاییەکانی پاکوخاوێنیش بۆ خەڵک فەراهەم نەکراوە . ئاشکرایە ئەم پلانە بۆ دەربەستیەی حکومەت تەنیا نەخشەی زیان نۆگەیشتن بە کەمپانیا گەورەکان و ملیاردەرەکانی بڕیتانیایە و ئامادەنیە ژیانی کرێکاران و خەڵکی بڕیتانیا لەم بارەیە بپارێزێ، ئۆگەر فشاری زیاتری لەسەر دانەنرێ.
گوێنەدان و بەدەربەستی ئەم حکومەتە بۆ ژیانی خەڵک بەردەوامە و تا ئێستا وەڵامی ئەم پشنیارانەی زانایانی بڕیتانیای نەداوەتەوە.
…http://maths.qmul.ac.uk/…/UK_scientists_statement_on_corona

ئاسۆکمال
لندن

بیرتانە ... ڕەسوڵ ئەزیز محەمەد

بیرتانە دەتانگوت هەشتا زووە کەی کاتی ماڵاوایەر دەتانگوت هەشتا ئەواریە خە مریشک نین بە ئەمە هەشتا هەر نیوەیە: هەموو ئەو ڕۆژانە بەسەر چوون دایکت؛ باوکت و خوشک و برایکانت یان خزانکت تەلەفۆنیان دەکرد: ئەستا دەمەوێ ئەو ئەستا دەمەوێ یانزدە و دوانزدەی شەو بوو دەبە ئاخ بە ئەو ڕۆژانە بخەیی کەنایەتەوە. پەشتر لەهەر دەنگەدەنگکی ماڵاوە سولفت لە ئەتەمبەل دەدا و دەیشتیت، بەڵام ئەستا بە دەنگ ئاقە دانیشتووی خواخواتە کەس نەبە بە دەستوچاوت بشە.

یەکسەرلەدوو خولەکی کەناڵکان پەت دەبن؛ ئەستا تە وەک گەورەی ماڵاوە ئاقە دانیشتووی ئەستا کەنترالی تیفی لەدەستی تە دایە لەجیاتی هەمووان دەیت سەیرکەن دونیای ئاژەڵکان چەند سەیرە؛ لەبیرتان چوو دەمەتاقەی ئەو سبارەت بەرشە و ریاە دەگەیشتە لای بەتەمەنکان ئەوانیش دەیانگوت خە دیسان براکوژی هەنگیرساوە؛ یان لەماڵاوە بە پرس هەدەستا و دەگەشتی. ئەستاش دەتەوە بچیتە دوکانەی ئەوبەر وادەزانیت کارەنتینە لەبەر دەرگا وەستاوە؛ ئەوانەی خەزاندارن بەناچارە گوە بە خەزانکانیان رادەگرن باسی وات گوە لە دەبە پەت سەیرە و لەدەی خەتدا دەیت دەبە راست بە؟ دیارە ئاگام لەهیچ نییە هەوالی ئەوبەری گەڵک لەچەند خولەکک دەزانیت و دەزانیت لەم ماوەیە چەند کەس تەڵاقدراوە و کە هاوسەری دووەم و سێیەمی هەناوە؛ دەزانم ئاخ بە ئەو ڕۆژانە هەدەکشی کە لەبەرزاییکانی کەسنەزان و ئەزمەر، هاوار و دەنگی گەرانیتان پلیسیشی هەناوە ناو شایی. لەبیرتان چوو یان بەبیرتان بەنمەوە کاتک باسی کچە شەخ و شەنگکانی بیرووت و مەسکە و پاریستان دەکرد ئەستاش بەحەسرەتانە تا سەر زەی کەڵک بەن؛ ئەستاش لەدیار ماڵاوەدا دوو خولەک جارک سەری ڕەزامەندی دەلەقنن°.